# بڕیار لەسەر تاوانی ئەنفال لە دادگای ئێراقیدا و سەیرێکی ڕەخنەگرانە

**شاخەوان شۆڕش**
30.06.2007

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە ڕۆژی 24 ی ژونی 2007 دا، بڕیاری خۆی لەسەر تاوانی ئەنفال و ئەو تۆمەتبارانەی لە دادگادا لەسەر ئەو تاوانە دادگاییکران خوێندەوە. دادگا دان بە بوونی تاوانەکانی گەلکوژی، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ لە چوارچێوەی شاڵاوە سەربازیەکانی ئەنفالدا دەنێت. تۆمەتباران جگە لە تاهیر تۆفیق عانی کە دادگا لە تاوانی ئەنفالدا بە بێتاوانی دانا، تۆمەتبارانی دیکە هەمووی بە بەشدار لە تاوانی گەلکوژی، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ تاوانبارکران و سزایان لەسەر ئەو تاوانانە بۆ بڕایەوە. بەمپێیە عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید تکریتی سزای مردنیان بۆ بڕایەوە، سابیر عەبدولعەزیز دوری و فەرحان متلەگ سزای زیندانیی هەمیشەییان بۆ بڕایەوە.

**لایەنی ئەرێنی بڕیاری دادگا**

سزای تاوانباران: سزای تاوانبارانی گەلکوژی (هەر سزایەک کە بتوانێ ببێتە هۆی پێشگرتن و دووبارەنەبوونەوە) هەنگاوێکی گرنگە لەو هەنگاوانەی بۆ پێشگرتن بە تاوانی گەلکوژی یا هەرجۆرێکی دیکەی کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردن لە داهاتوودا دەنرێن. بەبێ سزادانی تاوانباران ئەگەری دووبارەبوونەوەی تاوانەکان زیاتر کراوەن، چونکە لەمبارەدا تاوانبار ئەستەنگی بەردەم مەبەست و کارەکانی خۆی بە کێشەیەکی ئەوتۆ نابینێت، جگەلەوەی دادگایینەکردن دەرگا بۆ هەوڵی تاوانکارانەی تاوانکار بەجۆرێ لە جۆرەکان دەخاتەسەر پشت و تاوانکار بۆ بەردەوام بوون دەستی کراوە دەبێت. دیارە سزای تاوانباران دەبێ لە ڕوانگەی دادوەریەوە بێت، نەک تۆڵەی گروپ و لایەن، چونکە لەو بارەدا دادوەریی، دادوەریی گروپ و لایەنێکە دژی لایەنێکی دیکە، ئەوەش ڕەوایەتی دادوەریی دادگا بەتاڵ دەکاتەوە. دادگای باڵای ئێراقی ئەو کێشەیەی هەیە، ئەوە لە دادگایی سەدام لەسەر کەیسی دوجەیل و هەروەها لە هەڵواسینی سەدام دا کە درایە دەست شیعەکانی سەر بە موقتەدا، چووە چوارچێوەی تۆڵە و تۆڵەکاری، بەمجۆرە پرسیاری خستەسەر دادپەروەری و بێلایەنی دادگا، ئەوە ئەگەر تەنها سەرنج بدەینە ئەو خاڵە و کێشەکانی دیکەی دادگا سەبارەت بە لایەنگیری بۆ ساتێک لەبیر بکەین.

ناسینی تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی گەلکوژی: ناساندنی تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی گەلکوژی واتای دیارکردنی بوونی تاوانی گەلکوژییە لە چوارچێوەیەکی کانونیانەدا. بەپێی ئەو نیشانانەی تاوانەکە لەخۆی گرتووە، جۆری تاوانەکە تەبایە لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە لە ڕێکەوتنامەی قەدەغەکردنی تاوانی گەلکوژی دیارکراون، دادگا ئەوە دەسەڵمێنێت و گومانێک لەمبارەیەوە ناهێڵێتەوە. ناساندنی کۆمەڵکوژی وەکو تاوانی گەلکوژی زۆر سەختە و هەروائاسان ناکرێت. ئایا تاوانێک گەلکوژییە یا نا، هەمیشە پرسیارێکی کێشەئامێزە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ تاوانەکە دەکرێن، ئەوەش پەیوەندی بە گەڵێ فاکتەری کانونی و ڕامیارەیەوە هەیە. بۆنمونە خەڵکی دارفور زیاتر لە 200 هەزار کەسیان لێ کوژراوە، 2 تا 3 ملیۆن کەسیان لە خاکی خۆیاندا دەربەدەر کراون، کەچی تا ئێستا لە لایەن UN یا یەکێتی ئەوڕوپاوە تاوانەکەی بەرامبەریان کراوە بە تاوانی گەلکوژی داناندرێت و بەڵکو وەکو تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی کە دەچێتەخانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سەیری دەکەن.

دیارە دادگای ئێراقی یەکەم دادگا نییە کە ئاماژە بە بوونی تاوانی گەلکوژی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەکات، پێشی ئەو دادگای هۆڵاندی لە ساڵی 2005 دا ئاماژەی بەوە کرد. پێشی دەزگا قانونیەکان ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلدا کە لە ساڵی 1993 دا چاپکراوە ئاماژە بە بوونی مەبەستی لەناوبردن و تاوانی گەلکوژی دەکات، هەروەها ڤان دێر سۆل ڕاپۆرتنوسی یوئێن سەبارەت بە ئێراق لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بە بوونی نیشانەکانی ئەو تاوانە دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە، دادگای ئێراقی وەکو دادگای باڵای تایبەتی ستاتی ئێراق خۆی دان بە تاوانی گەلکوژیدا دەنێت، دان بەوەدا دەنێت کە لە ساڵی 1988 دا ڕژێمی ئێراق دژی گەلی کورد تاوانی گەلکوژی ئەنجامداوە. واتە "ستاتی تاوانکار" خۆی دان بە تاوانەکەی خۆیدا دەنێت. بێگومان ئەو دانپێنانە کە پەیوەستدارە بە کۆمەڵێ گۆڕانکاری ڕامیاری و بەڵانسی دەسەڵات لە ئێراقدا، کۆمەڵێ لێکدانەوەی دژ بەیەک و جودای بۆ دەکرێت. بۆنمونە بەعسیەکان یا لایەنە دژە ئەمەریکایی و کوردەکان ئامادەنین ئەو بڕیارانەی دادگا بسەڵمێنن، هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بەعسیەکان یا عەرەبە ناسیونالیستە فراوانخوازەکان لە سەر دەسەڵات بانایە، هەرگیز دانیان بە بوونی تاوانی گەلکوژی نەدەنا. هەروەکو بۆنمونە تورکیای کەمالیست دان بە تاوانی گەلکوژی ئەرمەنیەکان کە لەساڵی 1915دا ئەنجامیدا نانێت، بە هەمان شێوە نکۆڵی لە بوونی تاوانی گەلکوژی دەرسیم کە لە ساڵی 1937دا ئەنجامیدا دەکات.

لەگەڵ بوونی لێکدانەوە دژەکاندا، ئەو دانپێنانەی دادگا ئەگەری بوونی تاوانی گەلکوژی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا جارێکی دیکە دەسەڵمێنێت و بەهێزتری دەکات، ئەوەش وادەکات لاری و نکۆڵی لە بوونی ئەو تاوانە لە ئاستی جیهانیدا لاواز بکات. بەمجۆرە ئێستا لە دوای ئەو بڕیارەی ئێراق دانپێنانی تاوانەکە وەکو تاوانی گەلکوژی لە ئاستی جیهانیدا ئاسانترە.

**لایەنی نەرێنی ئەو جۆرە دادگایە و ئەو خاڵانەی نەکرا بێنەدی**

لەبەرئەوەی دادگاکە دادگایەکی ئێراقییە و دەرهاویشتەی ڕێکەوتنێکی ڕامیارییە و بەشێکە لە پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق، گەلێ کەلێن و کەموکوڕی لەو دادگایەدا هەن کە بێگومان بۆ گەلی کورد زیان بوون.

یەکەم: لاری بەلای ئێراقیزم و گەلی زۆرینەی عەرەبدا: کانونی ئەو دادگایە بەلای عەرەبدا لارە و ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکات. بەعەرەبکردن ناوی لە ناو تاوانەکاندا دیارنەکراوە و پێناسە نەکراوە. کەسی نەئێراقی دادگایی ناکرێن و سەرنج تەنها دەدرێتە بەشێک لە تاوانبارە ئێراقیەکان. زمانی عەرەبی دادگاکە جگەلەوەی زمانی گەلی کورد نییە، ناساندنی تاوانی ئەنفالی بۆ دەرەوە سنوردار کرد. لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان سنوردارکرا و نهێنیەکانی پشتی تاوانەکان زۆری ئاشکرا نەکران. تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی ڕژێم و بەشێکی گەلی ئێراق پیشاندرا، بەمجۆرە پرسەکە وەکو پرسێکی ناوخۆیی پیشاندرا. بەرگری لە ئێراق و کانونەکانی ئێراق لە ڕابردوو و ئێستادا کرا و وەکو وڵاتێکی ڕەوا و خاوەن دادپەروەریی وێنەکرا و بانگاشەی بۆ کرا، کە لە ڕاستیدا ڕابردوو ئاماژە بە پێچەوانەکەی دەکات. سەدام حوسێن وەکو سەرۆکی ئێراق و تاوانباری سەرەکی لە تاوانەکە دەربازکرا و تاوانەکە خرایە سەر کەسانی ژێر فەرمانەدەی ئەو. بەمشێوەیە ستاتی ئێراق وەکو ستات لە هەر جۆرە پشکداریەک لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا دوورخرایەوە. هەروەها دادگا جەختی نەخستە سەر ئایدۆلۆژیای بەعس و تاوانباریی ئەو ئایدۆلۆژیا پانعەرەبی و فراوانخواز و توندڕەوە لە پەروەردەکردی تاوانباران و ڕەواکردنی تاوانەکە لە لایەن ئایدۆلۆژیای بەعسەوە وردنەکرایەوە.
دادگای ئێراق و دادگاییکردنی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا و بەمجۆرە بەناوخۆییکردنی کارەساتەکانی پەیوەستدار بە کورد کە سەرکردەکانی کورد پشتگیریان کردووە و لەگەڵیدان، بەمجۆرە ئەوان سەنگەریان سەنگەری ئێراقە و لەگەڵ ستاتی ئێراقدان، وادەکات داواکاریی گەلی قوربانی کورد سەبارەت بە داوای لێبوردنکردن لە لایەن ستاتی ئێراقەوە ناگونجاو بێتەبەرچاو.

دووەم: لایەنگیریی دادگا لەچەند لایەنێکەوە: دادگای ئێراقی کاریگەریی بیروبۆچوونی ئایینی ئیسلام و بۆچوونی ناڕاشیونالانەی بەسەرەوە هەبوو. کەسەکانی ناو دادگا ئەو تێڕوانینەیان لەسەروی هەر تێڕوانینێکی دیکەدا داناوە، ئەوەش دادگایەکە بەبیری ئاسمانی و عەرەبیانە بارگاوی دەکات و لە دیدی ڕاشیونالانەوە دووری دەخاتەوە. دادگای ئێراقی لەسەرەتاوە هەوڵی فرۆشتنی جۆرێک لە ئێراقیزمی پێوەدرابووە و کەموزۆر ئەو دیاردەیە جارجارە دەرکەوتووە. بەجۆرێک بەرگری لە ئێراق و کانونی ئێراق، یەکگرتووی و ڕەوایی بوونی ئێراق، پێداهەڵدان بە ئێراق و مێژووی ئێراق، لێرەولەوێ هەبوون و خۆیان دەرخستووە، ئەوە دادگاکەی بە بیر و بەرژەوەندێکی تایبەتی ڕامیاریی بارگاوی کردووە و لە دەزگایەکی کانونی بێلایەن دایماڵیووە. دادگای ئێراقی دادگایەکە نەتەوەی عەرەبی باڵادەست تیایدا باڵادەستە و ئەوان دادگایی کەیسی تاوانی ئەنفالیان کرد کە لە لایەن ئێراقی عەرەبی دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراوە. عەرەب ناتوانێ بەرامبەر بە کورد بێلایەن بێت، چونکە ئەوان بەشێکی جیانەکراوەی ناکۆکی مێژوویی نێوان کورد و عەرەبن. ئەوە بۆ کوردیش هەر وایە. بۆیە دادگا و دادوەری عەرەبی بۆ کەیسی گەلکوژی ئەنفال یا هەر دۆسیەیێکی دیکە کە پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە گونجاو نییە و ناتواندرێ بێلایەنی بسەڵمێندرێت. ئەو دیاردانەی لە ماوەی دادگاییەکەدا ڕوویاندا بەڵگەی بوونی لایەنگیری و ناگونجاوی دادگاکە دەسەڵمێنن. تاوانبارکردنی تاوانباران بە تاوانی گەلکوژی و سزای لەسێدارەدانیان، هەوڵێکە بۆ پیشاندانی دادپەروەریی و بێلایەنی دادگاکە، بەڵام لەڕستیدا ناتوانێ ئەو لایەنگیری و ناگونجاوییە لەسەر دادگاکە لابەرێت، چونکە ئەو فاکتەرانەی کە ئاماژە بە لایەنگیری و بارگاویبوونی دادگا دەکەن، بە زیندوویی هەن.

سێیەم: زیانەکانی بە گەلی کورد کەوتن: کردنی دادگاکە بە دادگایەکی ئێراقی گەلی کوردی لە دادگایەکی نێونەتەوەیی بێلایەنی شارەزا و بەتوانا وەکو ئەوەی بۆ یوگوسلاڤیا دامەزراوە بێبەشکرد. لە ئەگەری بوونی ئەو جۆرە دادگایە ئەنتەرناسیونالەدا، جگەلەوەی ئەو دیاردە نەرێنیانەی گوتران بوونیان نەدەبوو، ئەو سوود و ئامانجانە دەکرا هەبن:

- دادگاکە دانپێنراو دەبوو، پرسیار لەسەر ڕەوابوونی یا نەبوونی دادگاکە نەدەهێشترایەوە یا زۆر لاواز دەکرا و گومان لە توانا و شارەزایی دادگاکە نەدەبوو وەکو ئەوەی لە دادگاکەی ئێراق دەکرێ.
- دۆزەکە بەشێوە گونجاو و ڕاستەقینەکەی خۆی وێنە دەکرا و پێشان دەدرا، تاوانەکە وەکو تاوانی ستاتی ئێراق بەرامبەر بە گەلی ژێردەستەی کورد جەختی لەسەر دەکرایەوە. پرسیاری دەخستە سەر بانگاشەی ئێراقیبوونی کورد و بەناوخۆییکردنی کێشەی کورد لە ئێراقدا.

- کێشەی نێوان دوو نەتەوە؛ کەمینەی کورد و زۆرینەی عەرەب لە ئێراقدا دەخرایە ڕوو و لاری لە بوونی دیاردەیەکی لەوشێوەیە نەدەکرا، بوونی تاوانەکان لەو چوارچێوەیەدا سەیری دەکرا.
- بەعەرەبکردن زۆر ڕاکشاوانە ئاماژەی بۆ دەکرا و ئەگەری ناسندنی وەکو جۆرێکی تایبەتی پاکتاوی ڕەگەزی زۆر گونجاو دەبوو.
- ناساندنی تاوانی گەلکوژی ئەنفال یا کۆمەڵکوژیەکانی دیکە زۆر بەرفراوانتر دەبوو، لە میدیاکانی جیهاندا گرنگی زیاتری پێدەدرا و دەرگە بۆ پرسیار و توێژینەوە بە فراوانی دەخرایە سەر پشت. چونکە دادگاکە لەم بارەی ئێستایدا بە هۆی زمانی عەرەبی دادگا و پەخشکردنی ناگونجاوی دادگاییکردنەکان توانای بڵاوبوونەوەی لە ئاستی جیهانیدا سنوردار کرد.
- ئەگەری دادگاییکردنی کەسانی نەئێراقی زۆرتر گونجاو دەبوو و ئەگەری خۆبەستنەوەی دادگاکە بەسنوری ئێراق ئاسان نەدەبوو. لەمبارەدا ئەگەری ئەوە هەبوو کە سەیری کەسە تاوانکارەکان بە گشتی بکرێ و گوێ نەدرێتە ناسنامەی نەتەوەیی کەسە تۆمەتبارەکان.
- مێژووەکە و ڕوداوەکە ڕاستگۆیانە و بێلایەنانە دوور لە دەستی ئێراق و عارەب دەنوسرایەوە و بەمجۆرە سوودی بۆ تێگەیشتن لە کارەساتەکە بەشێوەیەکی گونجاو دەبوو و بۆ گشت مرۆڤایەتی سوودی گونجاوی دەبوو.
- بەئەگەری زۆر تاوانباران بەتایبەتی سەدام حوسێن و عەلی کیمیاوی زوو لەناونەدەبردران و لەسەر هەموو تاوانەکانیان دادگاییدەکران، ئەوە وایدەکرد خەڵکی جیهان زیاتر و باشتر لە کارەساتەکانی کە بەسەر گەلی کورد هاتووە بگەن.

دیارە لە دادگایەکی ئەنتەرناسیونالدا سزای کوشتن نییە، کەیسەکان و دادگاییکردنەکان هێندەخێرا ناڕۆن بەڕێوە، بەڵکو دادگاییکردنەکان کاتی زیاتر و خەرجی زیاتریان پێویستە. بوونی ئەو دیاردانە پێویستبوونی دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ کارەساتەکانی گەلی کورد ناگونجاو ناکات. چونکە خێرایی دادگاییکردن و سزای کوشتن و هەرزانی بەڕێوەچوونی دادگا، جگەلەوەی هەڵپە لە دادپەروەری دەکات و زیانی پێدەگەیەنێت، ناتوانی ببێتە بەڵگە بۆ بوونی دادگایەکی لایەنگیر و نەشارەزا و ناگونجاو کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ڕامیاریی تایبەتدا دەخولێتەوە. ئەو جۆرە دادگایە کە راشیونال و بێلایەن نییە ناتوانێ لە ئاستی داواکاریەکاندا بێت و دیدی بێلایەن و قورسایی گونجاو بداتە کەیسەکان.